کتێبخانەی PDF



# سەرکێشیەکانی شێرلۆک هۆلمز

## کتێبی چوارەم

نووسەر
ئارثەر کۆنان دۆیڵ

وەرگێر
مەدینە ئەحمەد

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ
گروپی کتێبخانەی ( PDF )
ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان
وە بەرهەم و کاری نوێ



# سەرکێشییەکانی شێرلۆک هۆڵمز

نوسینی:-
ارثر کۆنان دوێڵ
وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە:-
بشار رافع
وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە:-
مەدینە احمد

i

*چیرۆکەکانی شێرلۆک هۆلمز لەنوسینی سێر **ئارثر کۆنان دوێڵە**، سەبارەت بە پشکنەرێکی تایبەتە، دکتۆر واطسۆنی هاوڕێی شێرلۆک چیرۆکەکانمان بۆدەگێڕێتەوە.*

*شێرلۆک پشکنەرێکی نهێنیە نەک پۆلیس، خەڵکی پارەی پێ دەدەن بۆئەوەی کەیسەکانیان بۆچارەسەر بکا.*

*ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە لەساڵی **١٨٨٩ دا** ڕویداوە، لەوکاتەدا مۆبایل بونی نەبووە بۆیە بروسکەیان بەکارهێناوە (واتە نامەیان بەکارهێناوە)، ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە لە ڕۆژئاوای ئینگلتەرا لەدارتمور ڕوویداوە.*

*دارتمور دەشتێکی گۆشەگیرەو خەڵکێکی کەم تیایدا دەژی، چەند بەردێکی گەورەو بەرزی لێیە لەدارتمور، تاقگەیکی لێیە بەناوی لوتکەی بەردین، چەند بەشێکی زەلکاویشی لێیە، زۆر قوڵەو قوڕێکی خەست لەژێر گەلاڕواوکانی سەری زەلکووەکە هەیە. ئەگەر هەرکەس بکەوێتە ناوی بێ گومانی دەمرێت.*

# کەسایەتیەکان



*شـــێرلۆک هـــۆڵمز پشـــکنەری نهێنیـــی ، لەشـــەقامی (٢٢١ ب)، دەژی .*



*دکتـــۆر واطســـۆن هـــاوڕێو یاریـــدەدەری شـــێرلۆکە لەچارەسەرکردنی کەیسەکان.*



دکتۆر مۆرتیمۆر، لەباکوری ڕۆژئاوای ئینگلتەرا لەدارتمور دەژی، دکتۆری تایبەتیە، پسپۆڕی بواری دەرمانە.



سێر هۆگۆ،خاوەنی باسکرفیڵ هۆڵ، لەساڵی ١٦٤٥ .



سێر چارڵز باسکرفیڵ، خاوەنی باسکرفیڵە و دکتۆر مۆرتیمۆر پێی وایە مردووە.



سێر هنری باسکرفیڵ، خاوەنی نوێی باسکرفیڵ هۆڵە لەکەنەداوە گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی لەئینگلتەرا بژی.





*بەڕێــزو خــاتوو بــاریمۆر ، خزمەتکــاری باســکرفیڵ هۆڵن.*



*بەڕێزجـاک سـتاپڵتن، لەخـانوی میریبـت دەژی، نزیـک زەلکـاوی گــریمین، گرنگــی بەڕوەکــو حەشــەرات دەدا لەدارتمور.*



خاتوو ستاپڵتن، خوشکی جاک ستاپڵتنە، لەگەڵ براکەی دادەژی، خانمێکی شۆخو شەنگی باڵابەرزە، پرچو چاوێکی ڕەشی وەکو شەوهەیە.



بەڕێز فرانکلاند، لە لافتەر هۆڵ لەنزیک کومب تریسی دەژی، گرنگی بەخوێندنی ئەستێرەکان دەدا، تەلیسکۆبێکی گەورەشی هەیە.



*سیڵدن، زیندانییەکی ڕاکردووە، لەزیندانی دارتمور.*

# سەگەکەی خێزانی باسکرفیڵ

*مــن نـــاوم دکتــۆر واطســۆنە، ئەم چیــرۆکە دەربـــارەی پشــکنەرێکی بەتوانـــایە کەکــاری چارەســەرکردنی کەیســی خەڵکـــــیە، لەشـــــەقامی(٢٢١ ب) دەژی لەناوەڕاســـــتی لەندەندا بەناوی **شێرلۆک هۆڵمز**.*

*چیــرۆکەکە لەبەرەبەیـــانی یەکێــک لەڕۆژەکـــانی ســـاڵی ١٨٨٩ دا لەشەقامی بەیکەر دەست پێدەکات.*

*گــوێم لەدەنگــی پیاوێــک بــوو دەیگــوت:- بەڕێــز هــۆڵمز؟ مــن نـــاوم دکتــۆر **مۆرتیمــۆرە**، پێویســتیم بەهاوکـــاریتە بەڕێز هۆڵمز.*

*هــۆڵمز:- فەرمــوو وەرە ژوورەوە، چــۆن ئەتــوانم یارمەتیــت بدەم؟*

*چیرۆکێکـــی زۆر ســـەیرو نـــامۆم هەیە بــۆئەوەی بــۆتی بگێــڕمەوە، زۆریــش ســەیر، لەوەیە بــڕوام پێــنەکەی بەڵام ئەوەڕاستیە.*

## *نەفرەتییەکەی خێزانی باسکرفیڵ*

*دکتـــــۆر **مۆرتیمـــــۆر** دانیشـــــت، لەگەڵ شـــــێرلۆک زۆر بەوردی گوێمان لەچیرۆکەکەی دەگرت.*

*مــن دکتــۆرم و لەگونــدکاردەکەم، هەر لەدارتیمــۆر دەژیمــو کـــاردەکەم، وەکـــو ئەوەی دەیـــزانن دارتیمــۆر دەشـــتێکی فـــراوان و گەورەیە، تەنهـــا یەک مـــاڵی گەورە لەدارتیمـــۆر هەیە ئەویــش **باســکرفیڵ هــۆڵە** (مــاڵی دیکەشـــی لێیە بەڵام مەبەســتی لەوەیە بەســکرفیڵ هــۆڵ لەچــاو ماڵەکـــانی دیــکە*

زۆر گەورەتـــرە. وەرگێـــڕ)، **بەڕێـــز چـــارڵز باســـکرفیڵ** **خاوەنی ئەم ماڵەبوو، هاوڕێو دکتۆریشی بووم .**

هـــۆڵمز:- **هەواڵـــی مـــردنەکەیم لەڕۆژنـــامەی تـــایمز** **خوێندۆتەوە.**

دکتـــۆر مۆرتیمـــۆر:- ســـێ مـــانگی بەســـەرا ڕۆشـــتوە، ڕۆژنـــامە ڕاپـــۆرتێکی لەســـەر مـــردنەکەی نوســـی، بەڵام هەموو ڕاستیەکانی نەنوسیوە.

شـــێرلۆک:- هـــیچ شـــتێکی ســـەیرو نـــامۆ هەیە لەســـەر مردنەکەی؟

دکتـــۆر مۆرتیمـــۆر:- دڵنیـــانیم، چیرۆکێـــک هەبـــوو دەربـــارەی نەفرەتیـــک لەســـەر خێزانـــی باســـکرفیڵ، بەڕێـــز چارڵزیش بڕوای پێکردبوو.

دکتۆر واطسۆن:- نەفرەتی، مەبەستت چییە لەم قسەیە؟

چیـرۆکەکە لێـرە دەسـت پێـدەکات، دکتـۆر مۆرتیمـۆر بەدەم قســـەکردنەوە لاپەڕەیەکـــی ڕۆژنـــامەیەکی لەباخەڵیـــدا دەرهێنا.

دکتـۆر مۆرتیمـۆر:- تکـایە ئەمەبخـوێنەوە، ئەمەچیرۆکـی نەفرەتیەکەی خێزانی باسکرفیڵە.

هۆڵمز لاپەڕەکەی بردوو دەستیکرد بەخوێندنەوەی.

شـــێرلۆک:- نـــاوی **( نەفـــرەتیکەی ســـەگی خێزانـــی باســـکرفیڵ)**، دواتـــر پیشـــانیدام ،چیـــرۆکەکە بەم جـــۆرە بوو:-

لەســـاڵی ١٦٤٥ ســـێر **هۆگـــۆ باســـکرفیڵ** خـــاوەنی باســـکرفیڵ هـــۆڵ بـــوو، ســـێر **هۆگـــۆ** کەســـێکی خـــراپ بـــوو لەگەڵ

*ئەوەشـــدا بـــڕوای بەخودانەبـــوو، هەمـــوو ڕۆژێـــک لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی لابەلا دەردەچوون بۆڕاوکردن.*

*جوتیـــارێکی دارتمـــور کچێکـــی شـــۆخو شـــەنگی زۆر جـــوانی هەبـــوو، سـێر* ***هۆگــۆ*** *دەیویســـت هاوســـەرگیری لەگەڵا بکـا بەڵام ئەولێـی دەترسـاو ڕەتـی کـردەوە، بـاوکی کــچەکە داوای لەسـێر* ***هۆگــۆ*** *کــرد کەدوور بکەوێـتەوە لە مـــاڵو کـــێڵگەکەی و، ئەم داوایەش بـــووە هـــۆی توڕەبـــونی سێر* ***هۆگۆ****.*

*لەیەکێـک لەڕۆژەکـان کاتێـک بـاوکی کـچەکە سـەرقاڵی کـــارکردن بـــوو لەکــــێڵگەکە ســــێر* ***هۆگـــۆ*** *ئەم هەلەی قۆســتەوەو لەگەڵ هاوڕێکــانی کچەکەیــان ڕفانــد، هێنایــان بۆباسکرفیڵ هۆڵ.*

*سـێر* ***هۆگــۆ*** *دەرگـای ژورەکەی لەسـەر داخسـتبوو، دواتـر دەســتی کـــرد بەخـــواردنەوەی مەی لەگەڵ هاوڕێکـــانی . کـاتێکیش کەسـەرخۆش دەبـوو دەبـووە کەسـێکی خراپتـر، هاواری بەسەر هاوڕێکانی دا دەکردوو لێی دەدان.*

*کــچەکە چـاوەڕێی کـرد هەتـاوەکو تاریـک داهـات دواتـر پەنـــجەرەی ژورەکەی کــــردەوەو لەباســـکرفیڵ هـــۆڵ ڕایکرد.*

*کــێڵگەکەی بــاوکی چــوار میــل لەباســکرفیڵ هــۆڵەوە دووربـــوو، ســـەرەڕای ئەوەی کە شـــەوتاریک بـــوو بەڵام کــچەکە دەیتـوانی لەژێـر ڕونـاکی مانگەشـەودا بەردەوامـی بەرێگـــاکەی بـــدات، دەســـتی کـــرد بەڕاکـــردن لەنزیـــک زەلکاوەتاریکەکە.*

*سێر **هۆگۆ** کاتێک ڕۆشت بۆژووری کچەکەو ئەوی لێنەبوو بەتاڵ بوو، تووڕەبوو هەروەک بورکان، دواتر ڕۆشت بۆلای هاوڕێکانیو بازی دایە سەر مێزی شەرابەکە، شەقی هەڵدەدایە پەرداخو بوتڵی شەرابەکان بەملاولادا، هاواری دەکردوو دەیگوت ئەسپەکان ئامادە بکەن، کچەکم بۆبێننەوە!!*



*هەموان ڕایانکرد بۆدەرەوەو ئەسپەکانیان ئامادەکرد.*

***سێر هۆگۆ*** *کۆمەڵێک سەگی ڕاوکرنی هەبوو ئەوانیشی ئامادەکرد.*

***سێر هۆگۆ*** *هاواری دەکردوو دەیگوت باسەگەکان بیدۆزنەوە! باشەیتان بمبات ئەگەر نەمتوانی بیدۆزمەوە!!*

*سەگەکان بەزەلکاوە تاریکەکە دەڕۆشتنو سێر* ***هۆگۆو هاوڕێکانیشی*** *بەدوای سەگەکان کەوتبون.*

*سێر* ***هۆگۆ*** *بەردەوام بوو لەهاوارکردن و سەگەکانیش هەردەوەڕین، لەمکاتادا گوێیان لەدەنگێکی زۆر بەهێز بوو!! سەگەکان بەتۆقیوی وەستابون.*

*پیاوەکانیش بەهەمان شێوە دەنگەکەیان بیست، لورەیەکی بەرزو قوڵی سەگێک بوو کەدەیلوراند لەزەلکاوەکە، پیاوەکان ئەسپەکانیان ڕاگرت، بەڵام سێر* ***هۆگۆ*** *بەردەوام بوو لەڕێگاکەی.*

*بەڵام نەیتوانی کچەکە بگرێت، لەناکاو ئەسپەکە سێر* ***هۆگۆی*** *فڕەدایە سەرزەوی ئەسپەکە بەترساوی ڕویکردە بەرڕوناکی مانگەکە، پیاوەکان ئاژەڵێکی نامۆیان بینی ، سەگێکی ڕەشی چاو ئاگرین بوو بەڵام بەقەدەر ئەسپێک گەورەبوو، سەگە ڕەشەکە خۆی هەڵدایە سەر سێر* ***هۆگۆو*** *کوشتی ، پیاوەکانی تریش لەترسا هەڵهاتن، لەدوای ئەوڕوداوەوە کەس سێر* ***هۆگۆی*** *نەبینی.*

*لەدوای ئەوڕوداوەوە چەندین نەوەی خێزانی باسکرفیڵ هۆڵ لەتەمەنی گەنجیدا مردن. چەندینیان بەڕێگای*

سەیرو نامۆ دەمردن، ئەمە نەفرەتیکەی خێزانی باسکرفیڵە، سەگەکەی خێزانی باسکرفیڵیش هێشتا لەکاتی شەودا لەزەلکاوەکە دەسوڕێتەوە.

دکتۆر مۆرتیمۆر پرسیاری لەهۆڵمز کردو گوتی:- باشە، بەڕێز هۆڵمز ، ڕات چییە دەربارەی ئەم چیرۆکە؟

- پێم وانییە چیرۆکێکی ڕاست بێت. بۆچی ئەم چیرۆکەم پیشان دەدەی ؟ بڕوای پێدەکەی خۆت؟
- پێش مردنی سێر **چارلز**. بڕوام پێنەدەکرد، بەڵام سێر **چارلز** بڕوای پێی هەبوو، نیگەرانی کردبوو تاوای لێهات نەخۆش کەوت و دڵی لاوازبوو.
- بۆچی بڕوای بەم چیرۆکە کرد؟
- لەبەرئەوەی سەگەکەی لەزەلکاوەکە بینی، یا پێم وابێت بینیوێتی. کاتێک **سێرچارڵز** چیرۆکەکەی بۆباسکردم، پێم گوت بۆچەند ڕۆژێک پشو وەربگرێت و بڕوات بۆلەندەن و هەموو شتێک لەبیربکات لەبارەی ئەوشەوە نەفرەتییەوە.

دکتۆر واطسۆن:- پشوی وەرگرت؟

دکتۆر مۆرتیمۆر:- نەخێر. پیلانی دانابو ڕۆژی هەینی کەدێت بڕوات، بەڵام ڕۆژی پێنج شەمە لەنزیک زەلکاوەکە پیاسەی کردبوو بەڵام بەداخەوە هەرگیز نەگەڕایەوە.

دکتۆر واطسۆن:- ئەی چۆن مرد؟

- توشی جەڵدەی دڵبوو، خزمەتکارەکەی هات بەشوێنمدا، کاتێک ڕۆشتم سێر **چارڵزم** لای

گۆماوی ماڵەکەیدا دۆزیەوە، دیاربوو پێش ئەوەی بمرێت لەدەست شتێک ڕایکردبوو، دڵنیام لەوە، پێم وابێت لەشتێک ترسابوو.

هۆڵمز:- ترسابوو؟ ئەو شتەچییە کەلەدەستی هەڵهاتبوو؟

- سەیری زەوییەکەم کرد شوێن پێی سێر **چارڵزم** بینی، بەڵام شوێن پێیەکی تریشی لێبوو. شوێن پێی مرۆڤ نەبوو. شوێن پێی سەگێکی زۆر گەورەبوو!

## کێشە

هۆڵمزو منیش واق ڕماین لەم شتانەی کەدەمانبیست، بەسەرهاتێکی زۆر سەیربوو. بڕوام بەوەنەدەکرد کەئەبێ سەگێکی گەورە بەڕێز **چارلزی** کوشتبێت، بەڵام دەمویست ڕاستییەکان بزانم.

شێرلۆک لەکورسیەکەی هاتبووە پێشەوەو پرسیاری لەدکتۆر مۆرتیمۆر کرد:- کێی دیکەش شوێن پێیەکانی بینی؟

د.مۆرتیمۆر:- هیچ کەسێکی دیکە نەیبینی ، ئەوشەوە بارانێکی زۆر بارییبوو بارانەکەش بووە هۆی کەمبونەوەی ئاسەواری شوێن پێیەکان.

شێرلۆک:- قەبارەی چەندبوو؟ لەپێی سەگێکی ئاسایی گەورەتربوو؟

د. مۆرتیمۆر:- بەڵێ بەڕێز هۆڵمز، زۆر گەورەتربوو لەشوێن پێی سەگێکی ئاسایی.

*شێرلۆک:- وتت سێر **چارڵزیش** لەم سەگە ڕایکردووە؟ چۆ ئەوەت زانی؟*

*د. مۆرتیمۆر:- زەویەکە تەڕبوو وەنەرمیش بوو، بەدرێژایی زەلکاوەکە کەلەدەرەوەی باسکرفیڵە شوێن پێیەکانی سێر **چارڵز**م بینی لەیەک نزیک بوون، دواتر نزیک بوەتەوە لەدەرگا تەختەیەکەو وەستاوە. دواتر شوێن پێیەکانی گۆڕابوو ئەمجارە شوێن پێیەکانی لەیەک دووربون وەقوڵیش بوون. دلنیام دەستی کردووە بەڕاکردن.*

*بەرەو ماڵەوە ڕایکردبوو. دیارە شتێکی بینیوە کەلە زەلکاوەکە هاتۆتە دەرەوە، لەوەیە سەگەکەی باسکرفیڵ بێت.*

*هۆڵمز:- بەڵێ ، بەڵێ، بەڵام چۆن زانیت سێر **چارڵز** لەبەردەم دەرگاکە وەستاوە؟*

*د. مۆرتیمۆر:- لەبەرئەوەی جگەرەی دەکێشا، سوتکی جگەرەکەیم لەسەر زەوی بینی.*

*هۆڵمز:- چاکە............ چاکە، ئەزانی تۆبۆئەوە باشی ببی بەلێکۆڵەر.*

*د.مۆرتیمۆر بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی:- سوپاست دەکەم.*

*- بەڵام پێت وایە کەئەو سەگە گەورە سێر **چارڵزی کوشتبێت؟***

*- دڵنیام لەشتێک ڕایکردووە، وەدڵنیاشم شوێن پێیەکی نامۆم بینی . بەڵام.......... سەیرێکی کاتژمێرەکەی*

*دەستی کردوو گوتی:-.......ئەبێ دوای کاتژمێرێک چاوم بە سێر **هنری باسکرفیڵ** بکەوێت، برازای **بەڕێز چارڵزە** ، لەکەنەداوە هاتووە، سێر **چارڵز** هیچ نەوەیەکی نەبوو بۆیە سێر **هنری** جێگەی گرتۆتەوە، ئێستا سێر **هنری** خاوەنی باسکرفیڵە، .......... ئێستا کێشەیەک هەیە.*

هۆڵمز:- کێشەکە چییە؟

*د.مۆرتیمۆر:- پێم وابێت **سێر هنری** لەمەترسیدا بێت، ئایا پارێزراوە بییەم بۆباسکرفیڵ هۆڵ؟*

*شێرلۆک:- ئەبێ بیری لێبکەمەوە،ئەمشەو لەلەندەندا بمێنەرەوە، سبەینێ بەیانی لەگەڵ سێر **هنری** وەرەوە بۆسەردانم.*

*د.مۆرتیمۆر:- وائەکەم، دواتر هەستایە سەرپێو گوتی: ئێستا ئەبێ بڕۆم بۆبینینی سێر **هنری** لەوێستگەی واترلۆ، هیوای ڕۆژێکی خۆشتان بۆئەخوازم.*

*کاتێک **د.مۆرتیمۆر** ڕۆشت، هۆڵمز پێی گوتم:- کێشەیەکم هەیە واطسۆن، سێ پرسیار مێشکی داگیرکردوم:- تاوانەکە چییە؟ کێ کردویەتی؟ چۆن ڕویداوە؟.*



***( پێم وابێت سەگەکەی باسکرفیڵی بینیوە).***

# سێر هنری باسکرفیڵ


*لەبەیانی ڕۆژی دواتردا، **د.مۆرتیمۆر سێرهنری** هێنا بۆشەقامی بەیکەر، **سێر هنری** تەمەنی نزیکی سی ساڵ دەبوو کەسێکی باڵابەرز نەبوو بەڵام جەستەیەکی پتەوی هەبوو، لەزۆرانباز دەچوو.*

*سێر هنری:- تەندورستیت چۆنە بەڕێز هۆڵمز، دوێنێ گەشتمە لەندەن بەڵام لەگەڵ گەشتنما دوو شتی چاوەڕواننەکراوم بەسەر هات.*

*- تکایە فەرموو دانیشە، بەڕێز هنری، پێم بڵێ چی ڕوویداوە؟*

*- کەس نازانێت من لەهۆتێلی **نۆرثمبلاند** دا دەمێنمەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم نامەم پێگەشت، وشەکانیشی لەڕۆژنامە لێ کراوەتەوە بێجگە لەوشەی زەلکاوەکە*

***(( ژیانت لەمەترسیدایە دووربکەوەرەوە لەزەلکاوەکە)).***


YOUR LIFE IS IN DANGER KEEP AWAY FROM THE MOOR.

*شێرلۆک:- وشەکان لەڕۆژنامەی تایمز لێکراوەتەوە*

هنری:- بەڵام چۆن شوێنی منی زانیوە؟

هۆڵمز:- نازانم، ......... وتت دووشتی چووەڕواننەکراوم بەسەرا هاتووە ئەوەکەی دی چییە؟

هنری:- کەسێک تاکێکی پێڵاوەکەمی لەهۆتێل دزیبوو!!!

هۆڵمز:- تاکێکی پێڵاوەکەت؟!!! کەسێک بردویەتی؟!!

- بەڵێ، پێڵاوێکی تازەش بوو دوێنێ کڕیم یەکەم جارمە لەپێی کەم، بەڵام بۆچی ئەبێ کەسێک تەنها تاکێکی پێڵاوەکەم بدزێت؟
- پرسیارێکی زۆرباشت کرد، حەزەکەم سەردانی هۆتێلەکەت بکەم ڕەنگە لەوێ وەڵامێکم دەسبکەوێت.
- کەواتە کاتێک هاتن بۆهۆتێل بانانی نیوەڕۆ پێکەوە بخۆین، ئێستا ڕێگەم بەن بڕۆم، هەندێک کاری دیکەم هەیە بیکەم، کاتژمێر دووی نیوەڕۆ لەهۆتێلی **نۆرثمبلاند** چاوەڕێتان دەکەم.
- کاتژمێر دوو لەوێ دەبین بەخۆشحاڵییەوە.

**سێر هنری و د.مۆرتیمۆر** ئێمەیان بەجێهێشتوو شەقامی بەیکەریان گرتەبەر، شێرلۆکیش لەپشت پەردەی پەنجەرەی نوسینگەکەوە چاودێریانی دەکرد.

شێرلۆک:- خێراکە واطسۆن ئەبێ دوایان بکەوین.

کڵاوەکەم لەسەر کردوو لەشەقامی بەیکەر بەدوای هۆڵمز کەوتم.

*بەسەرسوڕماوییەوە لێم پرسی :- بۆچی دوایان کەوتوین؟*

*شێرلۆک:- دکتۆر، لەبەرئەوەی بێجگە لەئێمە کەسێکی دیکەش چاودێریان دەکات. سەیرکە !! لەوێ ئەوپیاوە لەوێدا لەناو گەلیسکەکە!*

*سەیری ئەوشوێنەم کرد کەهۆڵمز ئاماژەی بۆکرد، گالیسکەیەک بوو بەهێواشی بەدرێژایی ڕێگاکە دەهات، پیاوێکی ڕیش ڕەش لەناوگالیسکەکە دانیشتبوو، چاوی*



***لەسەی سێر هنری و د.مۆرتیمۆر بوو کەبەرەو شەقامی ئۆکسفۆرد دەڕۆشتن.***

*کاتێک شێرلۆک ئاماژەی بۆکرد پیاوە ڕیش ڕەشەکە ئاوڕی دایەوە. پیاوەکەبەڕونی ئێمەی بینی وبەشۆفێرەکەی گووت:- لێبخوڕە، ..........بەخێرایی لێبخوڕە.*

*شوفێرەکە بەخێرایی بەقامچی لەئەسپەکەی دەدا ئەوەندەی نەبرد **گالیسکەکە** لەبەرچاو ونبوو.*

*هۆڵمز:- پێم وایێت وەڵامی یەکێک لەپرسیارەکانمان دۆزییەوە، ئەم پیاوە ڕیش ڕەشە دوای **سێر هنری** کەوتبوو بۆ هۆتێلی **نۆرثمبلاند**، هەر ئەمیش نامەکەی ناردووە.*

## ***<u>تاکی پێڵاوە دزراوەکە</u>***

*کاتژمێر دوو دەخولەک گەشتینە هۆتێلی نۆرثمبلاند، **سێر هنری** سەرقاڵی گفتوگۆکردن بوو لەگەڵ بەڕێوبەڕی هۆتێلەکە.*

*سێر هنری:- دووتاک لەماوەی دووڕۆژدا، سێرهنری ، بەدەنگێکی بەرزەوە هاواری دەکردو دەیگوت:- دووتاك پێڵاوم لەژوورەکەدا نەماوە یەکێکیان هی پێڵاوێک تازەیەو ئەوی دیکەش هی پێڵاوێکی کۆنە.*

*بەڕێوبەرەکە:- هەموو شوێنێک دەگەڕێین گەورەم، دڵنیابە تاکە دزراوەکانیشت بۆدەگەڕێنینەوە گەورەم.*

*لەکاتی خوانی نیوەڕۆدا سێر* ***هنری*** *بێدەنگی داگیری کردبوو، دیاربوو توڕەبو دەربارەی پێڵاوە دزراوەکانی.*

*د.مۆرتیمۆر:- پێم بڵێ بەڕێز هۆڵمز، پارێزراوە بەڕێز* ***هنری*** *بڕوات بۆباسکرفیڵ یاننە؟*

*- پارێزراوترین شوێنە لەلەندەن ، دەزانی ئەم بەیانیە کەسێک وەدوتان کەوتبو؟*

*د.مۆرتیمۆر:- وەدومان کەوتبون؟!! کێ؟*

*- پیاوێکی ڕیش پڕی ڕەش بوو، هیچ پیاوێک دەناسی ڕیشێکی ڕەشی هەبێ؟*

*د.مۆرتیمۆر:- بەڵێ، ئەزانم، لەو وەسفەی کەتۆکردت خزمەتکارێک هەیە لەباسکرفیڵ خزمەت دەکات، ناوی* ***باریمۆرە.*** *ناتوانم بیر لەوەبکەمەوە چۆن وەدومان کەوتوە، بەڵا دڵنیام لەوەی سێر* ***هنری*** *لەمەترسیدایەو دەبێ لەلەندەن بمێنێتەوە.*

*- نا تۆهەڵەی، ملیۆنان خەڵک لەلەندەن هەن، ناتوانین چاودێری هەمویان بکەین، بەڵام لەدارتمۆر خەڵکەکەی کەمەوە ئەگەر تێبینی هەرکەسێکی بێگانە بکرێت هەموان پێی دەزاننو هەستی پێدەکەن.*

*د.مۆرتیمۆر:- بەڵام ئەکرێت ئەم پیاوە بێگانە نەبێت.*

*هۆڵمز:- هاوڕام لەگەڵت، لەبەرئەوەنابێت سێر* ***هنری*** *بەتەنیا لەباسکرفیڵ هۆل بێت، من خۆم لەلەندەن سەرقاڵی هەندێک کاروبارم بەڵام دکتۆر* ***واطسۆنی*** *هاوڕێم لەگەڵتان دێت بۆدارتمۆر.*

*واطسۆن:- اوەههههه، بەڵێ، بێگومان بەدڵنیاییەوە لەگەڵتان دێم بۆدارتمور.*

*سێرهنری:- سوپاس بەڕێز **واطسۆن**، هاتنت زۆر خۆشحاڵم دەکا.*

*هۆڵمز:- کەواتە زۆر باشە، بەڕێز هنری ئەمەوێت پرسیارێکت لێبکەم، کاتێک کەمردیت کێ جێگەی تۆدەگرێتەوە؟*

*سێرهنری:- نازانم سێر **چارڵز**، دووبرای هەبوو باوکم کەڕۆشت بۆلەندەن، وەبرایە بچوکەکەشی ناوی **ڕۆجەرە**، هاوسەرگیری نەکردبوو لەئەمریکای باکور مرد. هیچ خزمێکی زیندووم نیە ، بمرم نازانم کێ دەبێتە جێگرەوەم.*

- *ئاساییە بپرسم سەروەتەکەت چەندە؟*
- *بەدڵنیاییەوە بەڕێز هۆڵمز، سێر **چارڵز** سەروەتێکی بەبڕی ملیۆنێک جونیەی ئیسترلینی بۆبەجێ هێشتوم.*
- *کەسانێکی زۆر هەن لەبەر ملیونێک جونیە ئامادەن باشترین هاڕێیان بکوژن.*

## <u>باسکرفیڵ هۆڵ</u>

*بەرەبەیانی ڕۆژی یەک شەم، شێرلۆک لەگەڵم هات بۆوێستگەی **بادینگتۆن**.*

کارێکی مەترسیدارە ***واطسۆن*** بۆیە هەمیشە لەنزیک سێر ***هنری***، بمێنەرەوە ڕێگەش مەدە بەتەنیا لە نزیکو دەروبەری زەلکاوەکە هاتوچۆ بکات.

- نیگەران مەبە هۆڵمز، چەکەکەمم هێناوە.
- زۆرباشە، هەموو شتێکم بۆبنوسە کەڕویدا، هەر شتێک کەدەیبینیتو دەیبیستی.

ماڵئاوایم لەشێرلۆک کردو چاوم بەسێر ***هنری و د.مۆرتیمۆر*** کەوت لەوێستگەکە.

گەشتەکە بەشەمەندەفەر بۆدیفۆن سێ کاژمێری خایاند. لەکۆتایدا گەشتینە دارتمور.

لەگوندی ***گریمبن*** لەوێستگەیەکی بچوک دابەزین ، گالیسکەیەکو شۆفێرێک چاوەڕوانی ئێمەبون بۆئەوەی بمانبەن بۆباسکرفیڵ هۆڵ. کاتێک سواربوین بەدرێژایی ڕێگاکە سەیری دەرەوم دەکرد، سەربازێکم بەچەکێکەوە بینی لەسەر ئەسپێک کەچاودێری ڕێگاکەی دەکرد. بەشۆفێرەکەم گوت:-

بۆچی ئەم سەربازە پاسەوانی ڕێگاکە دەکا؟ هیچ کێشەیەک هەیە؟

شۆفێرەکە:- بەڵێ گەورەم، زیندانیەک لە زیندانی دارتمور هەڵهاتوە. پیاوێکی زۆر مەترسیدارە، ناوی سیڵدنە. بکوژێکی مەترسیدارە.

سەیری زەلکاوەکە بەتاڵەکەم کردو هەوایەکی سارد هەڵی کرد ئەوەندە ساردبوو وای لێکردم کە بلەرزم.

*هۆڵمز پێی وابوو یەکێک دەیەوێت سێر **هنری** بکوژێت. ئێستا بکوژێکی دیکەش هەیە هەستم کرد شوێنێکی زۆر مەترسیدارە. ئەمویست بگەڕێمەوە بۆلەندەن.*



***بۆچی ئەم سەربازە پاسەوانی ئەم ڕێگایە دەکا؟***

*باسکرفیڵ هۆڵ بەدار داپۆشرابوو، لەکۆشێکی تاقانە دەچوو، لەدەرەوەی باسکرفیڵ هۆڵ وەستاین.*

*د.مۆرتیمۆر:- ئەبێ ئێستا بەجێتان بهێڵم کارێکی زۆرم هەیە بۆئەوەی بیکەم، خێزانەکەشم لەماڵەوە چاوەڕێمە.*

*سێر هنری:- هیوادارم بەمزوانە بتبینمەوە بۆئەوەی نانی نیوەڕۆ پێکەوە بخۆین.*

*- دێم، ئەگەر هەرکاتێک پێویست بەمنبوو بنێرە بەدوامدا، ڕۆژبێت یان شەو.*

*دواتر د.مۆرتیمۆر سواری گالیسکەکە بوو و ڕۆشت.*

*دواتر پیاوێکی ڕیش پڕی ڕەش لەدەرەوەی باسکرفیڵ هۆڵ دەرکەوت، سڵاوی لەسێر **هنری** کرد.*

*بەخێربێیت بەڕێز هنری، من باریمۆرم، لەگەڵ هاوسەرەکەم ماڵەکەمان بۆئامادەکردوی ، ئەتەوێت چاوێک لەماڵەکە بکەی؟*

*سێر هنری:- بەڵێ تکایە باریمۆر، ئەم بەڕێزەش ناوی واطسۆنە ، هاوڕێمە بۆچەند ڕۆژێک دەبێتە میوانمان.*

*- زۆر باشە گەورەم.*

*دوارتر باریمۆر جانتاکانمانی برد بۆماڵەوە، بەوردی سەیری باریمۆرم دەکرد . لەخۆمم دەپرسی ئاخۆ ئەوە هەمان پیاوی ڕیش ڕەش بوو کە وەدوی سێر هنری کەوتبوو لەلەندەن؟ دڵنیانەبووم.*

*بەڕێزو خاتوو باریمۆر بەباشی چاودێری ماڵەکەیان کردبوو.هەموو شتێک ڕێکو پێک بوو، بەڵام ماڵێکی ساردوو گۆشەگیر بوو. هەستم بەکێشەیەک دەکرد.*

ئەوشەوە نامەیەکم نوسی بۆشێرلۆک ، هەرچیم بینی و بیست بۆم نوسی، کاتێک نامەکەم دەنوسی گوێم لەدەنگی گریانی ئافرەتێک بوو دەگریا، تاکە ئافرەت لەماڵەکەش خاتوو باریمۆربوو، لەخۆمم پرسی ئاخۆ بۆچی خەمبارە.

## خێزانی ستاپڵتن لە میربیت

لەکاتی خواردنی نانی بەیانی پرسیارم لەسێر هنری کرد:- گوێت لەدەنگی ئافرەتێک بوو کەدوێنێ شەو دەگریا؟

- گوێم لەدەنگێک بوو لەگریان دەچوو، بەڵام پێم وابوو دەنگی بابێت لەناوچەکە هاتبێت.

سێر هنری ڕۆژنامەیەکی زۆری هەبوو لەسەر مێزەکە جێیم هێشت بۆئەوەی بەئاسودەیی بیخوێنێتەوە، دەرچووم بۆئەوەی پیاسەیەک بکەم لەناوچەکە.

دوو بۆ سێ میل ڕۆشتم لەدەروبەرەی زەلکاوەکە بووم گوێم لەدەنگێک بوو بانگی دەکردم دکتۆر واطسۆن! ئاوڕم دایەوە وامزانی د. مۆرتیمۆرە بەڵام پیاوێکی بێگانە بوو بەرەو ڕوم دەهات.

پیاوەکە:- ناوم ستاپڵتنە، تەندروستیت چۆنە دکتۆر واطسۆن؟ ئەم بەیانیە د. مۆرتیمۆرم بینی و ناوی تۆی پێ وتم ، بیستم کەتۆ هاوەڵی پشکنەری بەناوبانگ شێرلۆک هۆڵمزی وایە؟

- بەڵێ بەڕێز ستابڵتن، هاوەڵی ئەوم.
- بەڕێز هۆڵمزیش لێرەیە، دارتمۆری بەلاوە گرنگە؟
- ئەو لەلەندەنە پیاوێکی زۆر سەرقاڵە.
- بێگومـــان، تکـــایە وەرە بۆمـــاڵەکەم لێـــرەوە نـــزیکە، لەگەڵ خوشکەکەم دەژیم .

ســـتابڵتن بەدرێژایـــی ڕێگـــا تەســـکەکە ڕێنـــوێنی کـــردم و بەلای بەردە ڕەساسیەکانەوە تێپەڕین.

- بەڕێـــز واطســـۆن بەباشـــی ئاگـــاداری خـــۆتبە. لەســـەر ڕێگـــاکە بمێـــنەرەوە نـــزیکین لەزەلکـــاوی **گـــریمبن** کەلە ژێـــر گیاســـەوزەکانیەوە پەینێکـــی تەڕی زۆری لێـــیە ئەگەر بکەویـــتە نـــاوییەوە جـــارێکی دیـــکە لێـــرە دەرناچی .
- سوپاســـت دەکەم پێـــت وتـــم، بەڵام بـــۆچی لەم شـــوێنە مەترسیدارو گۆشەگیرەدا دەژی ؟
- مـــن زانـــای بـــواری سروشـــتم لێکـــۆڵینەوە دەکەم، چەنـــدین گوڵـــو باڵنـــدەی ســـەرنجڕاکێش لەگـــریمبن هەن، چەندین ئاژەڵی سەیریشی لێیە لەدارتمور.

لەوســـاتەدا دەنگێکـــی نامۆمـــان بیســـت، دەنگـــی وەڕینـــی ســـەگێک بـــوو لەدورەوە دەهـــات دەنـــگەکە زۆریـــش دورنەبو، ستابلتن ئەوە دەنگی سەگ نیە؟؟

- ئەوەدەنگـــــی بـــایە، کاتێـــک بالەبەردەکـــان دەدا ئەم دەنـــگە دروســـت دەکـــا، مـــاڵەکەم لێـــرەیە، مـــاڵی میربیـــت، ئامـــاژەی بۆمـــاڵێکی لادێـــی کـــرد بەرزییەکـــی زۆری نەبوو، ئەوە خوشکەکەمە دێت بۆبینینمان.

خاتوو ستابلتن خاتونێکی زۆر جوانی بالابەرزبوو چاوەکانی ڕەش بوون، زۆر جیاواز بوو لەبراکەی، ئەو قژی ڕەش بوو بەڵام براکەی قژی زەرد بوو. هەردووکیان تەمەنیان نزیکەی سی ساڵ دەبوو دیاربوو ستابڵتن کەمێک گەورەتربوو ستابڵتن پێچەوانەی خوشکەی بالای کورت بوو بەرز نەبوو خوشکەکەی بالای بەرز بوو، ستابڵتن پیاوێکی لاوازبوو ڕیشیشی نەبوو، ڕوخسارێکی درێژیشی هەبوو.

- تەندروستیت چۆنە خاتوو ستابڵتن، براکەت لەبارەی زەلکاوە گەورەکەی گریمبن و گوڵو باڵندەکان شتی بۆباسکردوم. تۆش گوێت لەودەنگە نامۆیە بوو پێش ساتێک دەرچوو؟ زۆربەی جار ئەم دەنگە دەردەکەوێت وەکوبزانی؟

خاتوو ستابڵتن بەخێرایی گوتی:- هیجم نەبیستووە،سەیری براکەشی کرد، تێبینی ترسێکم لەچاوەکانیدا کرد.

براکەی بەتوڕەییەوە سەیری کردوو گوتی،- باماڵەکەمان پیشانی دکتۆر واطسۆن بدەین.

بۆماوەیەکی کەم مامەوە، لەوماوەیەدا ستابڵتن کۆمەڵێک گوڵو پەپولەی پیشاندام .

ستابڵتن:- ئێوارەی ئەمڕۆ دێم بۆسەردانی سێر **هنری** لەباسکرفیڵ، ئەوەی پێ دەڵێی؟

- بێگومان، پێی دەڵێم، ئێستا بمبەخشن ئەبێ بگەڕێمەوە بۆباسکرفیڵ هۆڵ هیوادارم زۆر بەمزوانە بتان بینمەوە.



**خاتوو ستابڵتن زۆر جیاواز بوو لەبراکەی.**

خاتوو ستابڵتن لەگەڵم هەتاوەکو دەرەوە هات، بەخێرایی و بەدەنگێکی نزمەوە پێی گوتم:- دکتۆر واطسۆن ئەمەوێت شتێکت پێ بڵێم سەبارەت بەو دەنگە، خەڵکی ئێرە دەڵێن ئەو دەنگە دەنگی سەگەکەی خێزانی باسکرفیڵە. دەشڵێن سەگەکە سێر **چارلزی** کوشتووە ئێستاش دەیەوێت **سێر هنری** بکوژێت. بەڵام تکایە بەبراکەم مەڵێ لەگەڵ تۆدا دواوم ، ئێستاش بگەڕێوە بۆلەندەن، هەر ئەمڕۆ!!

دواتر بەخێرایی ڕۆشتەوە بۆماڵەوە.

بەدرێژایی ڕێگا تەسکەکە دەڕۆشتموو بیرم لەوتەکانی خاتوو ستابڵتن دەکردەوە.

# ڕاپۆرتی یەکەمی دکتۆر واطسۆن

باسکرفیڵ هۆڵ

دارتمور

١٣ تشرینی یەکەم ١٨٨٩

ئازیزەکەم هۆڵمز .

دەربارەی باسکرفیڵ هۆڵ و خەڵکەکەی کەلێرە دەژین شتم بۆنوسیت، ئێستاش چەندین زانیاری دیکە هەیە کەدەمەوێت پێتی بڵێم، یەکەم جار نەخشەیەکت لەسەر ناوچەکە بۆدەکێشم بۆئەوەی لەچیرۆکەکە بگەی .


باسکرفیڵ هۆڵ نزیکەی دوو میل لەباکوری ڕۆژئاوای گوندی گریمبنەوە دوورە، بۆنامە ناردن دەڕۆم بۆگوندەکە.

داربەتەواوی باسکرفیڵی داپۆشیوە، ڕێگای دارەکە بەدرێژایی دەتبات بۆماڵی هاوینەی خێزانی باسکرفیڵ، نیشانەیەکم لەسەر شوێنی دەرگا کە لەسەر نەخشەکە داناوە، کەسێر چارڵز تیایدا وەستاوەو جگەرەی کێشاوە، دەرگاکە بەرەو زەلکاوەکە دەکرێتەوە، سەبارەت بەدراوسێکانیش پێم وتویت، د. مۆرتیمۆر نزیکی ئێرە دەژی.

لەناوەڕاستی مەوداکە لەنێوان گودی گریمبنو کۆمب کریستی چاوم بەخێزانی ستابڵتن کەوت ، ماڵەکەیان سێ میل دوورە،

پیاوێکیشـــی لێـــیە تائێســـتا نەمبینیـــوە، بەڵام د. مۆرتیمـــۆر پێی گوتم:- بەڕێز فرانکلاندە لەلافتری هۆڵ دەژی.

گرنگـــی بەزانســـتی فەلەکـــی دەداو تەلیســـکۆپێکی گەورەی هەیە. لەم دوو ڕۆژەی ڕابـــردوو ســـەیری ئەســـتێرەکانی نەدەکـرد بەڵکـو سـەیری نـاوچەکەی دەکـرد چـونکە پـۆلیس هێشتا سیڵدنی قۆڵبەست نەکردبوو.



بەڕێز فرانکلاندیش بەوردی چاودێری ناوچەکەو زەلکاوەکانیشی دەکرد ( بێگومان خوێنەر ئەوەی بیرە کەلەسەرەتادا دەڵێت گوندەکە زەلکاوی زۆری لێیە ئەوزەلکاوانەی کەقوڕێکی خەستی هەیەو ڕاتدەکێشێت بۆخوارەوەو ڕزگاربون لێی زۆر زەحمەتەو گیا لەسەری ڕواوەو هەستی پێناکەی . وەرگێڕ). بەڵام پێم وانیە سیڵدن لەوێ بێت چونکە هیچ خۆراکێکی لێنیەو زۆریش ساردە.

سێر هنریش زۆر دڵی لای خێزانی ستابڵتنە پێی وایە بکوژەکە هەڵی کوتاوەتە سەریان. سێر هنری، چەند جارێک سەردانی خاتوو ستابڵتنی کردووە ئێستا دووهاوڕێی نزیکی یەکدین.بەڵام ستابڵتن پیاوێکی سەیرە پێی خۆشنیە سێرهنری سەردانی خوشکەکەی بکات.

وائێستا هەندێک شتت پێ دەڵێم سەبارەت بەباریمۆری خزمەتکار، لەو پیاوەدەچێ کەلەلەندەن لەناو گالیسکەکە بینیمان.

تۆ ئەو پیاوەت بیرە کە وەدوی سێر هنریو د. مۆرتیمۆر کەوتبوو هەتاوەکو شەقامی بەیکەر ، ئەوەی کەبیرم لێدەکردەوە بەسێر هنریم گوت، بانگی باریمۆری کردوو لێی پرسی ئاخۆ بەم دوایە ڕۆشتوە بۆلەندەن؟

باریمۆر گوتی بەژیانی نەڕۆشتوە بۆلەندەن! باریمۆر بەپرسیارەکەی سێرهنری هەڵچوو و ئەیویست باسکرفیڵ هۆڵ بەجێ بهێڵێت، سێر هنری داوای لێبوردنی لێکردوو هەندێک جلوبەرگی پێدا باریمۆریش سوپاسگوزار بوو بەوە.

باریمۆرو هاوسەرەکەی زۆر سوپاسی سێر هنری یانکرد لەپای پێدانی جلوبەرگەکان.

شــەوی ڕابــردوو شــتێکی زۆر نــامۆم بینــی، لەنیـوە شــەودا لەڕاڕەوەکە دەنگــی هەنگــاوی کەســێکم بیســت، دەرگــای ژورەکەم کــردەوەو بــاریمۆرم بینــی لەڕاڕەوەکە مــۆمێکی پــێ بــوو، بینــیم بەرەو لای پەنــجەرەکە کەڕووی کردبــووە زەلکاوەکە بەمۆمەکە سلاوی دەکرد .

ڕووم کــــــردە پەنــــــجەرەی ژورەکەی خۆمــــــو بینــــــیم ڕونــــاکییەکم لە زەلکــــاوەکەو بینــــی بەهەمــــان شــــێوەی بــــاریمۆر بەڕونــــاکییەکە ســــڵاوی دەکــــرد، دیــــاربوو ئاماژەیەک بوو، بەڵام ئاماژەیەک بۆچی؟

## ڕوناکیەکەی زەلکاوەکە

باسکرفیڵ هۆڵ
دارتمور
١٥ ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٩

ئازیزەکەم هۆڵمز.
ئێستا دەتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کەلەکۆتایی نامەی پێشودا نووسیبوم، زانیم باریمۆر بۆچی وای کرد.
باسەرەتا لەبارەی سێر هنری و خاتوو ستاپڵتن هەندێک شتت پێ بڵێم.
پێم گوتوبویت کەدوو هاوڕێی نزیکی یەکدین. دەرکەوت سێرهنری ئەوی خۆشدەوێت، لەڕاستیدا دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵدا بکا. دوێنێ بەیانی پێی گوتم:- ئەمەوێ بڕۆم بۆبینینی خاتوو ستاپڵتن بەڵام بەتەنیا دەڕۆم .
- بەڵام شێرلۆک پێی گوتوم بەتەنها بەجێت نەهێڵم .
- بەتەنها دەڕۆم، دواتر ڕۆشت.
نەمزانی چی بکەم، دەخولەک چاوەڕێم کرد بەڵام ئارامم لێبڕاو بڕیارم دا وەدوی کەوم .
هیچ شتێکم نەبینی بەڵام بەمشێوەیە ڕویدا.
سێر هنری داوای هاوسەرگیری لەخاتوو ستاپڵتن کردبوو، دواتر خۆی ئەوەی پێ گوتم، دوای ئەوەی داوای هاوسەرگیری لێکردبوو ڕۆشتبون بۆلای بەڕێز ستاپڵتن بۆئەوەی هەواڵەکەی پێ ڕابگەیەنن، پێش ئەوەی سێر هنری چاوی بەبەڕێز ستاپڵتن بکەوێ گەشتمە گردەکە، بینیم سێر هنری سەرقاڵی

گفتوگـــۆکردنە لەگەڵ بەڕێــز ســـتابڵتن، لەناکـــاو ســـتابڵتن تۆڕەبـــوو هـــاواری کـــرد بەســـەر ســـێرهنریدا، دەســـتی خوشکەکەی گرتوو ڕایکێشایە ماڵەوە.
ســـێر هنـــریش گەڕایەوە بۆباســـکرفیڵ، منـــی بینـــی بەڵام تووڕەنەبوو لەوەی کەشوێنی کەوتبوم.
- واطسۆن پێم وابێت ستابڵتن پیاوێکی شێتە، پێم گـوت ئەمەوێـت هاوســەرگیری لەگەڵ خوشـکەکەت بـکەم ، بەڵام هـاواری کـرد بەسـەرمداو گـوتی نـابێ جـارێکی دیکە بیبینمەوە. پیاوێکێ شێتە.
هیچم نەگوتو پێکەوە هاتینەوە بۆباسکرفیڵ.
ئێـــوارەی ئەورۆژە ســـتابڵتن گەشـــتە باســـکرفیڵ، ئەیویســـت لەگەڵ ســـێر هنـــری بـــدوێ، بەبەردەوامـــی دەیگـــوت:- داوای لێبوردنەکەم زۆر بێ ڕێز بووم.
دواتر بانگهێشتی سێرهنری کرد بۆئێوارەی سبەینێ.
بەســێر هنـــریم گـــووت چـــیم بینیـــوە لەبـــاریمۆرگوتی:- ئەمشـــەو چـــاوەڕوانی دەکەیـــن ئەگەر هەرئامـــاژەیەکی کـــرد دەیگرین .
لەنوســـینگەکەی ســـێر هنـــری هەتـــاوەکو کـــاتژمێر دووی دوای نیوەشـــەو چـــاوەڕێ بوینـــو نەخەوتـــین. دواتـــر دەنگـــی چەنـــــد هەنگاوێـــــک دەهـــــات کەبەســـــەر پلیکانەکانـــــدا ســـــــەردەکەوت، لەگەڵ ســـــــێرهنری دوو خــــــــولەک چاوەڕێمـــان کـــردوو دواتـــر لەســـەرخۆ دەرگاکەمـــان کـــردەوەو بەســـەر پلیکانەکانـــدا ســـەرکەوتین. باریمۆرمـــان بینی دووبارە هەمان ئاماژەی دەکرد.
ســـێر هنـــری هـــاواری کـــردوو گـــوتی:- چـــی دەکەی باریمۆر؟
بـــاریمۆر واتۆقیبـــوو خەریکبـــوو مـــۆمەکەی لەدەســـت بکەوێتە خوارەوە.

- هـــیچ گەورەم، تەنهـــا ســـەیری پەنـــجەرەکەم دەکـــرد بۆئەوەی دڵنیا ببمەوە هیچ کێشەیەکی نیە.
- تـــۆ ئامـــاژە بۆکەســـێک دەکەی لەزەلکـــاوەکەوە، کـــێ لەدەرەوەیە؟ پێم بڵـێ؟
- کەس گەورەم.
- پـــێم بڵـــێ یـــان ســـبەینێ زوتـــر نـــیە لێـــرە دەڕۆی ، هەرئێستا پێم بڵـێ!
- دەنگێکـــی دیـــکە بەرزبـــویەوە:- ســـێر هنـــری تکـــایە لەمێردەکەم تورەمەبە هەموی هەڵەی منە.

ئاوڕمـــــــان دایەوەو خـــــــاتوو باریمۆرمـــــــان بینـــــــی. لەســـــــەرپلیکانەکان وەســـــــتابوو هەردوو دەستیشـــــــی بەبەهێزی لەیەک ئاڵاندبوو.

- بـــــراکەم لەدەرەوەیە گەورەم، ســـــیڵدنی بـــــرام ئەوەی لەزیندان ڕایکردووە.

گـــوتم :- ســـیڵدن، بکوژەکە؟!بـــۆچی لەشـــەودا ئامـــاژەی بۆدەکا؟

- مێـــردەکەم خواردنـــو جلـــوبەرگی بۆدەبـــا، ئامـــاژەی بۆدەکا کە دەڕوات بولای.

ســـێر هنـــری :- تێگەشـــتم ، ئەوە بـــراتە، ئەبـــێ یـــارمەتی بـــدەی، بـــڕۆنەوە بۆژورەکانتـــان ســـبەینێ قســـەی لەســـەر دەکەین.

بەڕێزو خاتوو باریمۆر ڕۆشتن.

ســـێر هنـــری ئـــاوڕی دایەوە بـــۆلای منـــو گـــوتی:- زۆر بەداخەوەم بۆیـــان بەڵام ســـیڵدن بکـــوژە ئەبـــێ قۆڵبەســـت بکرێت.

گوتم:- سەیرکە ڕوناکییەک لەزەلکاوەکەوە دێت

- ئەوە ئەوە دکتـــۆر واطســـۆن ، دەمـــانچەکەت بێـــنە دەڕۆین بۆلای ڕوناکییەکە.

بەخێرایـــی چاکەتەکامـــان لەبەرکـــردوو بەرەو زەلکـــاوەکە ڕۆشـــتین، مـــانگە شـــەوبوو دەمـــانتوانی ڕێگـــاکە ببینـــین و ڕوناکیەکەش میلێک دووربوو.
سێر هنری:- لەوێ ! سیڵدن لەوێدایە خێراکە!
وەدوی ســـێر هنـــری کەوتـــم، نەمدەویســـت ســـێرهنری بەوشەوە لەوێ بێت.



( تکایە گەورەم لەمێردەکەم توڕەمەبە).

لەوساتەدا دەنگێکمان بیست، دەنگی وەڕینی سەگێک بوو زۆر لێمانەوە دوور نەبوو دەنگەکە.
سێر هنری :- ئەوە چی بوو؟ ترسێک لەدەنگیدا هەبوو.
منیش ترسابوم. لەدەنگی سەگێک دەچێ، دەنگی سەگێکی گەورە، بگەڕێینەوە گەورەم؟
- نا نزیکبوینەتەوە سەیرکە!
لەبەردەممانـدا ڕوناکیەکەمان بینی. ڕوناکیەکە لەچرایەکەوە دەهات کەلەسەر بەردێک دانرابوو. لەتەنیشت بەردەکە پیاوێکی لێبوو، بەڵام پیاوەکە سەیری شوێنێکی دیکەی دەکردوو ئێمەی نەبینی.
جارێکی دیکە دەنگی وەڕینەکەمان بیست، دەنگی سەگێکی گەورە، تادەهات نزیکدەبووە لێمان، دوبارە دەنگەکەمان بیست، پیاوەکەش گوێبیستی دەنگەکە ببوو، چراکەی بەدەستیەوە گرتو خۆی هەڵدایە سەر بەردەکە سەیری ئەملاو ئەولای خۆی کردو لەناکاو دوبارە لەسەر بەردەکە خۆی هەڵدایە خوارەوەو ڕایکرد.
بەرەو گردەکە ڕایکرد، ڕاینەکرد لەبەرئەوەی ئێمەی بینی بەڵکو لەشتێکی دیکە ڕای دەکرد، ئێمە نەمان دەتوانی بیبینین.
بەدرێژایی ڕێگاکە ئێمە هەر ڕامان دەکرد، لەنزیکمانەوە گوێبیستی وەڕینێکی قوڵی زۆر بەرز بوین، دواتر دەنگی هاوارو قیژەیەکمان بیست، وەستاین.
- ئاگادار بە دکتۆر واطسۆن، بالەسەر خۆ بڕۆین.
شەوێکی ئارام بوو، لەسەرخۆو بەئەسپایی دەڕۆشتین، کەسێک لەخوارەوەی تەپۆڵکە بەردینەکە ڕاکشابوو. نزیکی بوینەوا، دامانچاکەم ئامادەکرد.

لەخوارەوەی گردەکە جەستەیەکمان دۆزییەوە.



***(لەخـــوارەوەی تەپـــۆڵکە بەردینەکەجەســـتەیەکمان دۆزییەوە).***

پیاوەکە لەتەپۆڵکەبەردینەکە کەوتبوە خوارەوەو ملی شکابوو.
دڵنیا بوین ئەو پیاوە سیڵدنە چونکە جلەکۆنەکانی سێر هنری کەدای بوی بەبەڕێز باریمۆر لەبەری بوو.
شتێکی دیکەم هەیە ئەبێ پێتی بڵێم هۆڵمز.
سەیری سەرەوەو کرد بەرەو تەپۆڵکەبەردینەکەکە کەسیڵدنی لێ کەوتبوە خوارەوە، لەسەرەوە لەسەرەوەی تەپۆلکە بەردینەکە، پیاوێکی باڵابەرز بوو تۆزێک بینیمو یەکسەر لەچاوتروکانێکدا ونبوو.
بەڵام ئەزانم پێشتر ئەوو پیاوەم بینیوە.
بەدوایدا دەگەڕێم.

## ئەو پیاوەی لەزەلکاوەکە بوو.

ئەبێ ئەوپیاوە کێ بێت لەسەر تەپۆڵکەکە بەردینەکە بوو؟ ئایا هەمان پیاوبوو کەلەلەندەن بینیمان؟ بەڵام دڵنیا بوم لەوەی ئەوپیاوە ڕیشی نەبوو. سێر هنری پیاوەکەی نەبینی منیش هیچم نەوت.
(( ئەبێت خوێنەری بەڕێز لەوە بپرسێ سیڵدن بەرەو گردەکە ڕایکرد ئیتر بۆچی لەتەپۆڵکەیەکی بەردین کەوتۆتە خوارەوە ، لەسەرەتای وەسفی گوندەکە **د.باریمۆر** گوتی دەشتە بۆیە گردوو تەپۆڵکەو زەلکاوی زۆری لێیە. وەرگێڕ))
نەمانتوانی هیچ شتێک بۆسیڵدن بکەین، گەڕاینەوە ماڵەوە.

سیڵدن لەچی ڕایکرد؟ چیمان بیست؟ ئاخۆ سەگەکەی باسکرفیڵ بوو؟ هەموو ئەم پرسیارانە سەرقاڵی کردبووم.

منو سێر هنریش لە باسکرفیڵ هەستمان بەپارێزراویەکی زیاتر دەکرد.

بەیانیەکەی هەواڵمان بەپۆلیس داو جەستەکەیان برد، سێرهنری هەرچی ڕویدابوو بەبەڕێزو خاتوو باریمۆری گوت بێجگە لەدەنگەکە کەبیستمان، خاتوو باریمۆر خۆی نەگرتو دەستی کرد بەگریان بەدەم گریانەوە ڕوخساری بەدەستە سڕێک دەسڕی، بەڕێز باریمۆر گوتی:- ئەبوایە کۆتایی پێ بهاتایە سیڵدنی بێچارە نەیدەتوانی هەتا کۆتایی بەرگەی ئەو سەرما زۆرە بگرێ.

- تکایە ئەوە لەبیربکەن کەشەوی ڕابردوو پێمگوتن، تکایە لەباسکرفیڵ بمێننەوە.
- زۆر سوپاست دەکەین گەورەم. دەمێنینەوە.

گەڕامەوە بۆژورەکەمەوو ڕاپۆرتێکی درێژم بۆشێرلۆک نوسی، هەمیشە بۆنامەناردن دەڕۆشتم بۆگریمبن بەڵام ئەمڕۆ بەیانی بڕیارم دا بڕۆم بۆگوندی کۆمب تریسی لەلای باشورەوە، کاتژمێرێکی ویست هەتاوەکو گەشتم لەڕێگا ستابڵتنم بینی.

- بیستم بکوژەکەت گرتوەوە، بەتامەزرۆییەوە چاوەڕوانی بیستی بەسەرهاتەکام لەسێر هنرییەوە لەخوانی سبەینێ ئێوارە.
- سێر هنریش زۆر بەتامەزرۆییەوە چاوەڕوانی خوانەکەیە لەگەڵ تۆوخوشکەکەت ئامادەبێت.

ستابڵتن بەساردییەکەوە گوتی:- هەروەها خوشکەکەشم ، سبەینێ کاتژمێر هەشت چاوەڕوانی ئەبم .

- پێی دەڵێم، ڕۆژێکی خۆش.
بەرەو کۆمەب تریسی بەڕێ کەوتم و نامەکەم نارد، لەوێدا ماڵێکی گەورەم لەدەرەوەی گوندەکە بینی، لەخاوەن دوکانەکەمم پرسی :- کێ لەوێ دەژی؟
خاوەنی دوکانەکە:- ماڵی باڕێز فرانکلاندە.
د. مۆرتیمۆر، سەبارەت بە بەڕێز فرانکلاند هەندێک شتی پێ گوتبوم.
بڕیارم دا بچم بۆبینینی بەڕێز فرانکلاندو داوای بینینی تەلیسکوبەکەی لێبکەم .
بەڕێز فرانکلاند لەدەرەوە لەتەنیشت دەرگای باخچەکەی وەستابوو، پیاوێکی سوری پرچ درێژ بوو.
- ڕۆژێکی باش ، ناوم واطسۆنە.
- دکتۆر واطسۆن.
- بەڵێ
- بیستم شەوی ڕابردوو سیڵدنت دەستگیر کردووە، خەریکبوو خۆم بیگرم.
بەسەرسوڕماوییەوە لێم پرسی: چۆن خەریکبوو؟
- لەڕێگەی تەلیسکۆبەکەمەوە وەرە ،باپیشانت بدەم ، وەرە.
بەڕێز فرانکلاند ڕێنوێنی کردم بەرەو ماڵەکەی، تەلیسکۆبەکەیم زۆر بەلاوە سەرنجڕاکێش بوو.
- چەند جارێک پیاوێکم بینی لەوێدا .
- بۆچی پۆلیست لێ ئاگادار نەکردەوە؟
- دڵنیا نەبووم ئەوە بکوژەکە بێت، بیرم کردەوە ئەکرێت دوو پیاو لەوێ بن. بەڵام بۆچی کەسێک دەیەوێت لەوێ بژی ؟ هیچ خۆراکێکی لێ نیە؟ لەگەڵ ئەوەشدا کەشەکەی زۆر ساردە، بەڵام دوێنێ شتێکم بینی.

- چیت بینی؟
- کەسێکم بینی خۆراکی دەبرد بۆئەوێ
- لەشەودا؟!

بیرم لەباریمۆر دەکردەوە ئاخۆئەوبێ بردوویەتی.

- کوڕێکی گەنجم بینی کەبەڕۆژ خۆراکو نامەی دەبرد.
- نامە دڵنیایی؟
- زۆر دڵنیام، لەبەرئەوەی کوڕە گەنجەکە دەناسم، پرسیارم لەپۆستە چییەکە کردوو زانیم ئەو کوڕە گەنجە هەموو ڕۆژێک نامە کۆدەکاتەوە.
- بۆکوێی دەبا؟
- سەیرکە، لەڕێگەی تەلیسکۆبەکەوە سەیرکە سەیری ئەو خانوە کۆنە بکەلەلای ڕاستی ئەو تەپۆڵکە بەرزانەوە، یەکێک لەوێ دەژی، بەڵام نازانم کێیە پیاوێکی بێگانەیە.

لەتەلیسکۆبەکەیەوە تەماشام کرد، لەلای چەپییەوە سەقفی خانوی میربیتم بینی کەخانەوادەی ستابڵتن لێی دژی، لەلای ڕاستیشەوە ماڵێکی کێڵگەی کۆن کەسەقفی پێوەنەبوو لەگەڵ یەکێک لەدیوارەکانیش، بەڵام دوکەڵی لێ دەهات.

- سوپاست دەکەم بەڕێز فرانکلاند، ئەوەی کەلەوێ دەژی سیڵدن نیە چونکە ئێستا ئەو مردووە.

ماڵئاوایم لەبەڕێز فرانکلاند کرد، دواتر بەرەو تەپۆڵکە بەردینەکە بەڕێ کەوتم، ماڵی کێڵگە کۆنەکەشم بینی یەک دوو میل دوربوو ، ئێوارەی ئەوڕۆژە درەنگ گەشتمەوە باسکرفیڵ هۆڵ، خۆر لەئاسمانەوە وردەوردە نزم دەبوەوە کەشەکەشی تادەهات سارد دەبوو.

بەئەسپایی ڕۆشتمە خانوە کێڵگەیەکە.



***( یەکێک لەوێ دەژی بەڵام نازانم کێیە).***

*دەرگاکەی شکابوو سەیری ناوەوەمکرد، ماڵێکی چۆڵی ئارام بوو.*

کـــونجێکی مــاڵەکە وشـــک بـــوو چـــونکە ئەوبەشـــەی ســـەقفەکەی هێشـــتا پێوەمـــابوو، ئـــاگرێکی لـــێ کرابـــوەوەو جێگەیەکـــیش لەلایەکـــی ڕاخرابـــوو لەگەڵ کۆمەڵێـــک کاغەز کەلەسەر مێزەکە بوو .
بەئاگـاییەوە بەرێ کەوتـم بۆخـانوەکە، دەسـتم لەنـاو بـاخەڵی چـاکەتەکم نـا کەدەمـانچەکەمی لێیـوو، بەهێواشـی دەڕۆشـتم بـۆلای مێـزەکەو سـەیری کاغەزەکـانم دەکـرد. یەکێـک لەنامەکـانی خـۆمم لەسـەر مێـزەکە بینـی کەبۆشـێرلۆکم نوسیبوو، کەسێک نامەکانمی دزیبوو!!!
کـێ لەم مـاڵەدا دەژی؟ پیـاوە ڕیـش ڕەشـەکەیە؟ یـان ئەوپیاوەیە کەلەسەر تەپۆڵکە بەردینەکە بینیم؟
لەکۆتایـدا بـۆم دەرکەوت چـی ڕودەدا، گوێبیسـتی پێـی یەکێـک بـوم کەلەدەرەوە دەهـات، دەمـانچەکم دەرهێنـاو ئـاوڕم دایەوە بەرەو دەرگـاکە . پیـاوێکی بـاڵابەرزی لاوازم بینـی بەباشـی نەمـدەبینی چـونکە پشـتی لە خۆرئاوابونەکەوەبوو.
- ئێوارەیەکی جوانە، وانییە واطسۆن؟
پیاوەکە گوتی:- شێرلۆکم.

## کێڵگەی دامێنی تەپۆڵکە بەردینەکە

واقمابووم گوتم:- شێرلۆك؟!!! لێرە چی دەکەی؟!!!
- چاودێری دەکەم ، چاوەڕێم بکوژەکە خۆی دەرخا.
- بکوژ؟ مەبەستت سیڵدنە؟ مردووە؟
- ئەزانـم ، دوێنـی ئێـوارە منـیش لەگـردەکە بـووم بینـیم چـی ڕویـدا، بکـوژەکە دەیویسـت سێر هنـری بکوژێـت نەک سیڵدن.

- بەڵام لەکەیەوە تۆلێرەی؟ بۆچی بەنهێنی لێرەی؟
- هەمان ڕۆژ کەتۆ هاتی، بکوژەکە کەسێکی زیرەکە ئەگەر بیزانیبایە من لێرەم خۆی دەرنەخست.
- ئەی نامەکانم چی؟ خوێندتەوە؟
- بەڵێ خوێندمەوە بەڵام نامەی کۆتایی بۆلەندەن ڕۆشت نەمتوانی بیخوێنمەوە، وەرەو لەڕێگا پێم بڵێ. تۆپشکنەرێکی چاکی، پێم بڵێ چۆن من دوزییەوە؟ چۆن زانیت لێرەم؟
- نەمزانی تۆیت، بەڕێز فرانکلاند لەڕێگەی تەلیسکۆبەکەییەوە تۆی بینیوو، ئەو کوڕە گەنجەش کەنامەو خۆراکی بۆدەهێنایت، پێی وابوو تۆسیڵدنی ، شەوی ڕابردووش تۆم بینی لەتەپۆڵکەکە.
- تێگەشتم، ئەگەر تۆ منت بینیبێت بکوژەکەی سێر چارڵزیش منی بینیوە. ئەیەوێت سێر هنری بکوژێت.
- کەواتە پێت وایە سێر چارڵز کوژراوە؟
- دڵنیام لەوە، ئێستا لەسەر ڕێگاکە بمێنەرەوە.

تاریکی داهاتبوو هێشتا مانگ دەرنەکەوتبوو، ئەبوایە بەئاگاییەوە بەڕێگادا بڕۆیشتینایە لەبەر زەلکاوە قوڕینەکان. ڕێگاکەش بەرەو باسکرفیڵ درێژ بوو لەگەڵ ئەوەشدا دەریایەک لەقوڕی تەڕ لەتەنیشتمانەوەیە.

لەپشتمانەوە دەنگەکەمان بیست، ئەودەنگەی کەپێشتریش بیستمانبوو، لەترسا کەوتمە لەرزە.

- ئەوەچییە هۆڵمز؟دەزانی لەکوێوە دێ؟
- نا، بەڵام دانیشتوانی گوندەکە دەڵێن سەگەکەی خێزانی باسکرفیڵە .

بەدرێژایی ڕێگا درێژەکە بەخێرایی بەڕێ کەوتین، بەبینینی ڕوناکیەکانی باسکرفیڵ لەبەردەممدا دڵخۆش بوم.

## داونانەوە.

سێر هنری:- بەڕێز هۆڵمز ، چ موفاجەیەکە! بەخێر بێی بۆباسکرفیڵ.

- سوپاست دەکەم، بەڵام بۆچی فەرمانەکانمت پشت گوی خستبوو بەتەنها ڕۆشتبویتە دەرەوە، خەریکبوو بمریت.
- بەتەنها نەڕۆشتم، د. واطسۆنیشم لەگەڵ بوو تەنانەت چەکیشی پێبوو بۆپاراستنم.
- منیش دەتپاریزم ، جاری داهاتوو منو واطسۆنیش لەگەڵت دێین.
- جاری داهاتوو!..........
- سبەینێ ئێوارە..

د. واطسۆن پێی ڕاگەیاندم دەڕۆی بومالّی میربیت نزیک زەلکاوەکە. پێم وابێت خێزانی ستابڵتن بانگهێشتی خوانی ئێوارەیان کردوی.

- بەڵێ، د. واطسۆن پێی گوتوی دەمهەوێت لەگەڵ خاتو سابڵتن هاوسەرگیری بکەم.

بەڵێ ، ئێستاش دەمەوێت هەندێک پرسیار لەباریمۆر بکەم.

سێرهنری، بانگی باریمۆری کرد، باریمۆر لەبەردەمماندا وەستابوو، هۆڵمز زۆر بەوردی سەیری دەکرد.

ئایا باریمۆر هەمان پیاوی ڕیش ڕەش بوو کەلە لەندەن بینیمان؟

- لەبارەی سێر چارڵزەوە قسەم بۆبکە؟ ئایا زوو زوو لەشەودا پیاسەی دەکرد؟
- نا گەورەم، سێر چارلز هەندێکجار لەشەودا پیاسەی دەکرد.
- بەڵام ئەوشەوەی کەمرد، زانیمان بۆماوەی دە خولەک لەبەردەم دەرگاکە وەستابوو چاوەڕوانی هیچ کەسێک بوو؟
- دڵنیا نیم گەورەم، بەڵام ئەوشەوە نامەیەکی پێ گەشت.
- نامە؟ بۆچی باسی ئەونامەت کرد؟ خوێندودەتەوە؟
- نا گەورەم، هەرگیز نامەکانی سێر چارڵز ناخوێنمەوە، بەڵام سێر چارڵز نامەکانی لەنوسینگەکەی هەڵدەگرێت، بەڵام ئەمجارە سوتاندی.
- اوەەەەەە، کەواتە سوتاندویەتی، لەوەیە لەنامەکە داوای بینینی کەسێکی لێ کرابێت.

واطسۆن:- بەڵام سێر چارڵز بۆچی نامەکەی سوتاندوە؟

هۆڵمز:- خەڵکی بۆچی نامە دەسوتێنێت واطسۆن؟

- زۆربەی جار دەیانەوێت شتێک بشارنەوە. بەڵام سێر چارڵز لەچونەدەرەوەی شەوان دەترسا، د. مۆرتیمۆر گوتی بڕوای بەچیرۆکی سەگەکەی باسکرفیڵ هەبوە.
- بۆچی بەتەنها لەشەودا بڕوات بۆ زەلکاوەکە ؟ ئەگەر ڕۆشتبێت بۆبینی کەسێک دیارە ناسیوێتی، بەڵام بۆچی لەزەلکاوەکە بیبینێ؟ کۆبونەوەیەکی نهێنی بووە؟

واطسۆن:- پێت وایە کەسێکی ناسراو سێر چارڵزی کوشتبێت؟

*هـۆڵمز:- پـێم وابـێ بکـوژەکەی دەناسـی، پێشـم وابـێ دور نیـیە لێـرەوە، دوای خـوانی ئێـوارە، لەکتێبخـانەکە دانیشـتین لەدیـــواری کتێبخـــانەکە تـــابلۆی خێزانـــی باســـکرفیڵ هەڵواســـرابوو. هەنـــدێکی زۆر کـــۆن بـــوو، شـــێرلۆک بەوردی سـەیری تابلۆکـانی دەکـرد. تـابلۆی سـێر هۆگـۆ سـەرنجی ڕاکێشـابوو کەمێـژوەکەی دەگەڕێـتەوە بـۆ ١٦٤٥ .*

*هۆڵمز:- شتێکی سەرنج ڕاکێشە واطسۆن.*

*ئەوە تـابلۆی سـێر هۆگـۆیە، ئەوپیـاوەی چیرۆکـی سـەگەکەی خێزانـی باسـکرفیڵی دەسـت پێکـرد، سـەیری ئەو ڕیشـە ڕەشـەو ڕوخسـاری بـکە، پێشـتر ئەم ڕوخسارەت بینیوە؟*

*- بەڵـێ هـۆڵمز، ڕوخسـاری ئەو پیـاوەیە کەلەلەنـدەن بینیمـان* ***(لەبەرئەوەی بکـوژەکە شـێوەی خـۆی خسـتبوە سـەرئەو بەلەبەرکردنـی جلوبەرگـو دانـانی شـێوازی ڕیشـەکەی. وەرگێـڕ).***



# سەگەکەی خێزانی باسکرفیڵ.

سبەینێ بەرەبەیان شێرلۆک زوو لەخەو هەستابوو، ڕۆشتبوو لەگوندی گریمبن بروسکەیەک بنێرێت. دواتر بەخۆشییەکەی زۆرەوە گەڕایەوە بۆباسکرفیڵ هۆڵ.

- ئەبێ ئەمشەو بچین بۆڕاوکردن واطسۆن، پشکنەر لیستریدیش لەپۆلیسی سکۆتلاند یارد لەگەڵمان دێت.
- بۆچی هەتاوەکو شەو چاوەڕێ بکەین؟ تۆ بکوژەکە دەناسی بۆچی هەتاوەکو شەو چاوەڕێ بکەین؟
- ئەبێ دڵنیا بین لەوەی کەپیاوێکی باشمان لەگەڵدایە، ئەبێ چاوەڕێ بکەینو ئەمشەو بیگیرن.

لیستردی پشکنەر کاتژمێر پێنچی ئێوارە گەشت، لەوێستگەی گریمبن چاومان بەیەکدی کەوت، لیسترد پیاوێکی بالابەرز نەبو کورت نەبو، هاوڕێی خۆشەویستی شێرلۆک بوو، کاتێک ڕۆشتین بۆباسکرفیڵ دەستمان بەگفتوگۆکرن کرد.

کاتژمێر حەوتونیو، کاتێک سێرهنری ڕۆشت ئێمە ئامادەبوین، سێرهنری بەرەو زەلکاوەکەی گریمبن بەئاڕاستەی ماڵی میربیت بەڕێ کەوت.

منوهۆلمزو لیسترید وەدوی کەوتین، هەریەکێکمان دەماچەیەکمان هەڵگرتبوو، سێرهنریمان بینی ڕۆشتە خانوی میربیتەو، نزیکەی دوو میل لەدووری خانوەکە لەدامێنی تەپۆلکە بەردینەکە چاوەڕوانبوین.

ڕوناکی مۆمەکان خانوی میربیتی دەدرەوشاندەوە پەردەی ژوری نانخواردن کرابونەوە، سێرهنریمان بینی لەگەڵ ستابڵتن دەدوا.

*بەشێرلۆکم گوت:- خاتوو ستاپڵتن لەکوێیە؟ سێر هنری هاتوە بۆبینینی ئەو نەک براکەی.*
*- لەوانەیە ستاپڵتن بیەوێت بەتەنیا لەگەڵ سێر هنری بدوێ.*
*سەیری دەوروبەری خۆمم کرد، تەمی سپی لەزەلکاوی گەورەی گریمبن بەرز دەبوەوە.*
*- بڕۆینە سەرتەپۆڵکەکە؟ لەوەیە بەشێوەیەکی باشتر لەوێدا ببینین؟*
*ڕۆشتینە سەر تەپۆڵکەکە، بەڵام تەمەکەی چڕبوو نەماندەتوانی لەچەند یاردێکی کەم پێش خۆمان ببینین.*
*- پێم وانیە، لەوەیە پیلانەکمان تێک بچێت ئەگەر بەڕونی نەبینین. ئەبێ گوێمان لەهەر دەنگێک بێت کەلە خانوی میربیتەوە دەرەچێت.*
*لەتەمەکەدا چاوەڕوانبوین هەتاوەکو مانگ دەرکەوت، ڕووناکی لەتەمەکەوە دەهات، بەڵام نەمانتوانی خانوی میربیت ببینین، وەڕینی سەگێکمان بیست.*
*هۆڵمز هاواری کردوو گوتی:- سەگ!! سێر هنری! سێر هنری! سەرتەپۆڵکەکە بکەوە. ئێمە لێرەین خێراکە.*
*لیستریدی پشکنەر ڕۆشت بۆئەوەی یارمەتی سێر هنری بدات بەڵام بەهۆی تەمەکەو نەماندەتوانی بەباشی ببینین.*
*هۆڵمز هاواری کرد بەسەر لیستریدو گوتی:- بگەڕێوە دواوە.*
*لیسترید هاواری کردووگولەیەکی بەرەو تەمەکە هاویشت، چەخماخەیەکی زەرد لەدەمانچەکەوە دەرچوو.*
*لیسترید هاواری کردوو گوتی:- وادێت! جارێکی دیکە تەقەی کرد.*
*لەماوەی چەخماخە زەردەک شێوەیەکی گەورەی ڕەشمان بینی.*



چاوەکانی وەکو ئاگر وابون، دڕندەیەکی ترسناک بوو، بەرەو لیستريد ڕای کرد، دەنگی سێرهنریمان بیست هاواری دەکرد، دواتر دواتر دەنگی بەرد کەدەکوتە خوارەوە، منو هۆڵمز هەر گولەمان دەهاویشت، وەڕینێکمان بیست، بەردەوام بوین لەتەقەکردن، دواتر

بەرەو پێشــــەوە ڕۆشـــتین لەســـەر تەپـــۆڵکەکە هـــاتینە خوارەوە.
سـێرهنری کەوتبـوە خـوارەوە بەڵام ئـازاری پێنەگەشـتبوو، هەســتایەوەو گــوتی:- ئەوەچــی بــوو بەڕێــز هــۆڵمز؟ ئەوشتە چی بوو لەتەمەکە؟
هـــۆڵمز بەڕێ کەوت بەدرێژایــــی ڕێگـــاکە، دوبـــارە دەمانچەکەی پڕکردەوە لەگوللە.
- ئێمە پارێزراوین سەگەکە مرد.
ڕۆشـتم بـۆئەوەی ببیـنم، لەسـەر ڕێگـاکە سـەگێکی ڕەشـی گەورەی لێبـوو، دەمـوو چـاوی سـوتابوو خـوین لەسـەری دەهات.
پرسیم:- سێرهنری دەکوشت؟
- نـا، تەنهـا دەیترسـاند، ڕێگـای زەلکـاوەکەی گـریمبن کەپێیـدا دەڕۆشـتین تەسـک بـوو، ئەگەر سـێرهنری لەترسی سەگەکە ڕایکردبا دەکەوتە ناوی و دەمرد.
- بەڵام سـەگەکە لەکوێـوە هـات؟ بـۆچی سـەری بەئـاگر سوتاوە؟
- پێم وابێت لەخانوی میربیت بوو.
هـۆڵمز بەپەنجەکـانی دەسـتی لەسەرسـەری سـەگەکە دانـاو گـــوتی:- ئەوە مەڵهەمێکــــی تـــایبەتە، ئێســـتاش وەرن بابکوژەکە بدۆزینەوە.
گەڕایـــنەوە بۆخـــانوی میربیـــت، دەرگـــاکە کرابـــوەوە، سێرهنری بەرەو خانوەکە بەڕێ کەوت.
هـاواری دە کـردوو دەیگـوت:- خـاتو سـتابڵتن لەکـوێیە؟ بۆئێوارە لەگەڵمان نەبوو؟
دەنگی کسێکمان بیست لەیەکێک لەژورەکانەوە دەهات.

هۆڵمز پاڵی بەدەرگاکەوە ناو خاتوو ستابڵتن بەدەستو پێ بەستراوی لەسەر سیستەمەکە ڕاکشابوو بەقوماشێکیش دەمی بەسترابوو.
سێر هنری دەستو پێی کردەوەو شێرلۆکیش دەمی.
سێر هنری هاواری کردوو گوتی:- خاتوو ستابڵتن براکەت لەکوێیە؟
خاتوو ستابڵتن سەیری زەوییەکەی کردوو گوتی:- ڕۆشت مێردەکەم ڕۆشت.
سێرهنری دووبارە هاواری کردوو گوتی:- مێردەکەت؟!!! تۆژنی ستابڵتنی؟
- بەڵێ من ژنی ئەوم، بەڵام ناوی ستابڵتن نیە. ئەوکوڕی مامە ڕۆجەری کۆچکردوتە، ئامۆزاتە.
دواتر دەنگی هاوار لەزلکاوەکە دەرچوو. ڕامانکردە دەرەوە، تەمەکەی چڕ بووولە زەلکاوی گەورەی گریمبن، دووبارە هاوارەکە دەرچوو.
هۆڵمز:- پێم وابێت زەلکاوی گەورەی گریمبن ئامۆزاکەتی هەڵلوشی. کەوتە ناو زەلکاوەکە ناتوانین هەرگیز جەستەکەی بدۆزینەوە.

## گەڕانەوە بۆشەقامی بەیکەر.

واطسۆن:- چەندین شت هەیە لێی تێناگەم هۆڵمز؟ ستابڵتن کێیە بۆچی دەیویست سێرهنری بکوژێت؟
- شتێکی ئاسانە واطسۆن، ئەتزانی کەسێر چارڵز دووبرای هەبوو، براچووکەکەی ڕۆجەر، کەکەسێکی خراپ بوو لەکێشەی پارە تێوەگلابوو ڕۆشت بۆئەمریکای باشوور لەفەنزویلا مرد،

ڕۆجەر هەرگیز هاوسەرگیری نەکردبوو کەس نەیدەزانی کوڕێکی هەیە.
- ئەم کوڕەش ستاپڵتنە؟
- بەڵێ، کوڕەکەی کەسێکی خراپ بوو ، بەڵام زیرەک، ئەیویست ببێتە جێگرەوی باسکرفیڵ، بیجگە لەسێر هنریو سێرچارڵزیش کەسی دیکە زیندوو نەبو، ئەگەر بمردنایە ڕاستەوخۆ دەبوە جێگرەوەی باسکرفیڵ.
- ئەی ژنەکەی چی؟ بۆچی وتی خوشکمە؟
- لەسەرەتا ستاپڵتن دەیویست کە شوبەسێر چارڵز یاخود سێرهنری بکات بۆئەوەی کاتێک مردن پارەکە یان بەدەست بهێنێت.
- چ پیاوێکی خراپە! بەڵام نەیدەویست یارمەتی ستاپڵتن بدات ئاگاداری کردبونەوە وایە؟
- بەڵێ هەوڵی دابوو چاوی بەسێرچارڵز بکەوێت ئەوشەوەی کەمردبوو، بەڵام ستاپڵتن بۆی ئاشکرابوو، سێرچارڵزیشی بەچیرۆکە بێمانەکەی باسکرفیڵ ترساندبوو، خاتوو ستاپڵتن نامەیەکی ناردبو بۆسێر هنری لەهۆتێلی نۆرثمبلاند، دواتر سێرهنری کەوتە داوی خۆشەویستی خاتوو ستاپڵتن، ستاپڵتنیش بۆئەوەی هیچ نەڵێت وای لێکردبوو لەژورەکە.
- ئەی تاکە پێڵاوە دزراوەکان؟
- بابەتی سەگەکەو تاکە پێڵاوە دزراوەکان پەیوەندی بەیەکەوە هەیە، ستاپڵتن چیرۆکی سەگەکەی زانیبوو زانیشی بوو سێر چارڵز بڕوای پێی هەیە.
- ئەی تاکە پێڵاوە دزراوەکان؟

- واطسۆن، تۆزۆر درەنگ تێگەی، ئەوە سەگی ڕاوە سەگی ڕاویش شوێن بۆن دەکەوێ ستاپڵتن هەندێک جلوبەرگی سێر هنری دەویست بۆئەوەی بیدا بەسەگەکە، پارەی دابوو بەگارسۆنی هۆتێلەکە بۆدزینی تاکەکان، بەڵام تاکی یەکەم تازەبوو هێشتا بۆنی نەگرتبوو بەڵام دووەم بۆنی گرتبوو، دواتر بیرت بێت واطسۆن سەگەکە شوێن سیڵدن کەوتبوو چونکە جلەکۆنەکانی سێر هنری لەبەربوو.

- چی سەیرە ستاپڵتن زیرەک بوو.

- بەڵێ واطسۆن، پێویستم بەیارمەتی تۆبوو بۆگرتنی ، بۆچی ئەم کەیسە ناونوسی ؟ ئەوە ناوبنێ کەیسی تاکە پێڵاوە دزراوەکە!.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ
گروپی کتێبخانەی ( PDF )
ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان
وە بەرهەم و کاری نوێ

